

# گفتوگۆ لەگەڵ سیمین بهبهانی

## هونەر هیچ کۆت و بەندێك هەڵناگرێت

**سازدانی: گۆڤاری توانا**
**لە فارسییەوە: هەیبەت کامرانی پوور**

*بەرژەوەندی شیعری ئەمڕۆ بە چ شێوەیەک دەبینی؟ پێتانوایە شیعری ئەمڕۆ تا چ رادەیەک بە پێوەرەکان، بەهاکان و سنووربەندیی بیرمەندان گرینگی دەدات؟

ـ لەسەریەک شیعری ئەمڕۆ زۆرتر بەسنراوەیی خۆی لەگەڵ شیعری رابردوو پچڕاندوە. کێش و سەروا و راستبێژی و هەست و خەیاڵکردنێکی نەناسراو، کە بەردەوام ئاوێنە بوو لەگەڵ شیعری کلاسیکدا لە شیعری ئەمڕۆدا، کەمتر خۆی دەنوێنێ. رەنگە هۆکار ئەوە بێ کە پێوەرەکانی ناسینی جیهانی ئەمڕۆ لەگەڵ رابردوو گۆڕانی بە سەردا هاتووە. هەرچی کۆمپیۆتەر زۆرتر کەڵکی لێوەردەگیردرێ، پێویستی بیرکردنەوە لە جۆری رابردوو کەمتر دەبێتەوە.

## نیما کاتێك لە ژیانیدا بوو وتبووی دەنگی چەپڵەلێدانی بیسەرەکانم لە پاش مردنم دەبیسم

ئەمڕۆ کۆمپیۆتەرەکان هەموویان بەرئەنجامەکانی دیاریەکانی ژیان بە وردی و بێ کەموکوڕی دەخەنە بەردەست. هەر ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە خەیاڵکردنی کەمتر بتوانێ خۆی دەربخات. بناغەی خەیاڵکردن لەسەر هەڵەکردنە. کاتێک ئێوە هەور بە حەریر دەشوبهێنن لە ڕاستیدا تووشی هەڵە دەبن، چ بە ئەنقەست بێ و یان بە ڕاست بێ، بەڵام ئەم هەڵەیە هەرگیز لە کۆمپیۆتەردا ڕوونادات.

*** پرسی دواتر پەردە هەڵدانەوە لە سەر ڕاستییەکانە. ڕۆژگارێک مانگ و ئەستێرە و هەتاو بۆ مرۆڤ تا ئەم ڕادەیە ناسراو نەبوون. ئەم خاڵانە و ئەم لاپەڕە ڕووناکانە، ئەوەندە جوان و گوماناوی بوون، کە مرۆڤ دەپڕژایە نمایشکردنیان و هەر ئەمە دەبووە هۆی خەیاڵکردن. ئەمڕۆ کوێی ئەم گۆ خاکییە و پڕ لە بەرد و بەئاڵ لە ئاو و هەوا جێگای ستایشکردنە؟**

- جیهانی ئەمڕۆ بە دەنگە دەنگی ڕێکوپێکی کەرەستە و ماشینەکان و شەمەندەفەرەکان و کارگەکان مرۆڤی لە هەر جۆرە ئەکوزیەک بێزارکردووە. سەروا و کێش ئەکوزیەکە، کە مرۆڤی ڕابردوو لە بەرامبەر ئازادی و ناڕێکوپێکییەکانی دەنگەکانی سرووشت، خوازیاری گوێگرتن لە ئەوان بوو و مرۆڤی ئەمڕۆ لە بەرامبەری ئەکووزی یەکجۆری جیهانی ماشین لە ئەو هەڵدێ.

بەمجۆرەیە دەبینین کە کێش و سەروا کە لە ئوخمەکانی شیعری کلاسیک بوون، جێگەی خۆیان داوەتە توندوتیژی و ڕاستییەکانی جیهانی ماشینی. ئیتر شیعر ئامێزیکی کراوە بۆ قەبووڵکردنی ئەم جۆرە ئوخمانە نییە و ئەگەر قبوولی بکات، لە جۆرێکی دیکەییە و بە زمانێکی نوێترە.

شیعری کلاسیک دەبێ گەلێک قسەی بۆ وتن و زۆر جوانیی بۆ پێشکەشکردن هەبێ، تاکو بکەوێتە جێی پەسەندی ئەم خەڵکە بێ تاقەتە پەرێشان حاڵە.

*** نیما وەک دامەزرێنەری جۆرێک نوێگەرایی لە ئەدەبیات، کە لە قوناغی یەکەمدا ڕەواییدا بە تێکشکانی چواچێوەکان، بە بڕوای ئێوە هیچ بیری دەکردەوە کە شیعر بگاتە قوناغێکی وەها؟**

- نیما کاتێک لە ژیانیدا بوو وتبووی دەنگی چەپڵەلێدانی بیسەرەکانم لە پاش مردنم دەبیسم. لە ڕاستیدا نیما پیاوی ئەزموون بوو، ئەزموونەکانی لە شیعری کلاسیکدا ئەوی رازی نەدەکرد. بە خۆشییەوە هەر ئەم کاریش بوو بە هۆی ئەوەی کە سات لە دوای سات ئاقیکاریکی نوێ بکات. دەبێ لە پێگەیەی بیرمەندیەکی ئەدەبێ سەیری نیما بکرێ. ئەو دامەزرێنەری قوتابخانە نوێیەکان بوو، لە هەر فۆرم و هەر گرووپێکدا.

*** نیما دەیوت: بۆچی غەزەل ئەمڕۆ کەمتر دەپڕژێتە ئەوین و بووەتە ڕەوورەیەک بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە هیچ نزیکایەتییەکی لە پێناسەی سەرەکی ئەو، واتە ئەوین نییە. بە کورتی ئەوەی کە چ بەڵایەک بەسەری خۆشەویستیدا هاتووە؟**

- بەم شێوەیە نییە. غەزەل هەمیشە جێگەیەکی گونجاو بۆ دەربڕینی پرسە سۆزدارییەکان وەک خۆشەویستی بووە. ئەو شتەیش کە لە سیاسەت و فەلسەفە و کۆمەڵگە، یان پرسەکانی دیکە بێنە نێو شیعرەوە، دەبێ پێوەندیەکی لەگەڵ جۆرێک هەستی ناسک هەبێ. ئەگەر بێجگە لەمە بێ نابێتە غەزەل. هیچ بەڵایەکیش بەسەر خۆشەویستییدا نەهاتووە بێجگە لەوەی کە جۆری خۆشەویستی نواندن و شوبهاندنی ئەو گۆڕانی بەسەر دا هاتووە. ئیتر ئەویندار بە شوێن کەژاوەی خۆشەویستەوە نییە و عاشق و ئەویندار لە هیجران و پێکگەیشتنی هیچ شوێنێک بێجگە

له خواستی ئاکەکەسیەوە نین. ئینر خۆشەویستی شتێکی نامومکین و خەیاڵی نییە، بۆیە نیما مافی خۆی بوو کە بە حافێز بڵێت:

حـافـز ئـەمـە چ درۆ و دەلەسەیەکە

کە زمانم بادە و گیانم ساقییە

گەر هەتا هەتایە بناڵێنی باوەڕ ناکەم

کە لە ئەو عیشقە بدۆڕێت کە هەتا هەتایە دەمێنێنەوە

من لەبەرئەوە عاشقم کە جێم بێڵێ

نیما لەم شیعرەدا دژایەتی نێوان راوستاوەیی و زیندوویەتی دێنێتە گۆڕێ. باسێکی فەلسەفی دەکـات کـە لـە کـۆی شیعری ئەفسانەدا بوونی هەیە. نیما عاشقی جووڵەیە. رووی لە ئەوە. بـە شـێـوەیـەک کـە لـە شیعری ئەوەدا بە روونی دیارە و دەربڕی دینامیزمی بیرکردنەوەی ئەوە.

*** رەوەتی رووناکبیری ئەمڕۆ بـە چ شـێـوەیـەک دەبـیـنـن؟ چ هۆکاریەکی هەیە کە رووناکبیرانی ئەمڕۆ کەمترلەگەڵ خەڵک هاوڕێ و نزیکن؟**

ـ من هیچ نیشانەیەک لە جیایی نێوان رووناکبیران و خەڵک نابینم. رووناکبیر روانینی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لەگەڵ روانینی خەڵک جیاوازی هەیە. داهاتوو بین و ورد بین و واقعگەرایە. ئەرکەکەیشی وریـاکردنـەوە و رێنوێنیکردنە. ئەمانە هۆکاری جیایی نین. ئەمڕۆ زۆرتر لە هەر زەمەنێکی دیکە لە نێوان رووناکبیران و خەڵک هاوپێوەندی هەیە.

*** تا چ رادەیەک داماڵین و فانتزی دەبـێ بێتە نێو شیعری ئەمڕۆوە، تاکو دەربازبوون لەو ئاوەزگەراییە (کە شیعری قاجار و مەشرووتە بە سەر ئێمەی سەپاند) ئاسان بێت؟**

ـ دەڵـێـن: «شیعری قاجار و مـەشـروونـە ئـاوەزگـەرایـی بە سەر ئێمەدا سەپان» باشتر بوو دەیـانـوت کە هەلومەرجی کات و شوێن ئەم ئاوەزگەراییەی بە سەر شیعری قاجار و مەشرووتەدا سـەپـان. هیچ هـونـەریـەک بە تایبەت شیعر بێ کاریگەری لە هەلومەرجی ژینگە بیچم ناگرێ. لە بنەڕەتدا هەلومەرجی ژینگە، جـۆری هـونـەرەکـە دەستنیشان دەکات. شیعری هەر سەردەمێک لـە مـێـژووی ئـەدەبـیـاتـی ئێمە تایبەتە بـەم هـەلـومـەرجـەوە، ئەنانەت زمانی شیعر لە قوناغە جۆراوجۆرەکاندا جیاواز دەبێ. زمانی گرژ و شەڕخوازی سەردەمی سامانیی و سەلجوقی و غەزنەوی لەگەڵ زمانی پارێزکار و خێروچاکە ئەندێش و عـارفـانـەی سـەدەی حەوتەم و هەشتەم و نۆهەم، و زمانی زوڵم و ستەم قەبووڵکەر و خەڵک پەسەندی سەردەمی سەفەوییە لەگەڵ زمانی بە وتەی ئێوە ئاوەزگەرا و بە وتەی خۆم ئـازادیـخـواز و درووشـم شێوەی سەردەمی مەشرووتە، بە تەواوەتی جـیـاوازە. تەنیا بـەراوەدکـردنـی شیعری چەند شاعیر لەم سەردەمە بابەتەکە روونـدەکاتـەوە، بەڵام سەبارەت بە داماڵین و فانتزی کە دەڵێن: «دەبێ بێتە نێو شیعرەوە» بۆتان باس بکەم، کە هونەر و بەتایبەت شیعر هیچ دەبێیەک قەبووڵ ناکات. ئەگەر پێویست بێ خۆی دێتە نێو شیعرەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا شیعر لەگەڵ هونەرەکانی دیکەدا جیاوازە. شیعر هونەری ئاخاوتنە و ئاخێز بـە شێوەی پوخت « ئابسترە» یان داماڵینیی نییە، چونکە هیچ ئاخاوتنێک جیا لە واتا نییە. لتریستەکان و دادایستەکان لە سەرەتاکانی سەدە هەوڵیان دا وەهـا مەبەستێک بگەیەنە ئامانج، بەڵام نەیانتوانی. شیعر تا ئەو رادەیە توانیویەتی لە داماڵین نزیک بێتەوە، کە خوێنەر یان بیسەر لە تێگەیشتنی ماناکەی ئازاد بن. بە واتایەکی دیکە هەر کەس بتوانێ هەڵێنجانێکی تایبەتی لە ئەو هەبێ، واتە سەرەداویەک بداتە دەستی بیسەر، کە بە پێی تێگەیشتنی زەینی خۆی بتوانێ ئەوانە لە واتایەک نزیک بکاتەوە. ئێوە ئەگەر وشەکانیش بە رێکەوت هـەڵـبـژێـرن و رەسـتـەیـەکـیـش درووسـت بکەن، بە دڵنیاییەوە مانایەک دەگەێنن.

*** لەگەڵ شیعریەک کە لە فۆرمی کۆندا وتراوە، دەتوانرێ خەیاڵاوی قسە بکرێ. بەڵام گرفتی فۆرم ـ رێگەی لە گەیشتن بە زمانێک، کە بەتایبەت شیعر بێ بەستووە ـ لە راستیدا سوونەتی شیعری دێرین سەرو سالاریەک بوو کە ئێمەی بردە نێو ئەم نیشتمانە پڕ لە پێچ و خەمە، واتە ئەمە**

ساڵی دەیەم .... ژمارە (٤٤) ئایاری ٢٠١٤
گۆڤارێکی فکری، فەلسەفیە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ئایدیا

**سەروا و کێشە کە دەبێتە هۆی چێژ وەرگرتنی خوێنەر لە نووسراوەکە، غەزەلی ئەمڕۆ بە چ شێوەیەک پاساو بۆ ئەمە دێنێتەوە؟**

- هەڵبەت کێش و سەروا جۆرێک موسیقایە بۆ ئاخاوتن. ئاخاوتن بەردەوام لەگەڵ موسیقادا دەبێنە شیعر، چونکە موسیقا یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی پێکهێنانی خەیاڵە. ئەمڕۆ جۆرێکی دیکە لە موسیقا کە هەڵقووڵاوی خۆش نەوای وشەکانە، بووەتە جێگرەوەی کێش و سەروای سوننەتی. لە شیعری شاملو و بەشێک لە شاعیرانی دیکە ئەم موسیقایە بە روونی دەبیسترێ. لە شیعری زۆرێک لە لاسایکەرەوەکانیش بێ ئاکام ماوەتەوە. بەم مانایە کە ئەگەر هەر وشەیەک لە شیعرەکەیان هەڵبگرین و لە شوێنێکی دیکەی دابنێین، یان هاومانایەک لە شوێن ئەودا دابنێین، جیاوازییەک درووست نابێ. لە شیعری شاملودا هەڵگرتن، یان جێگۆڕکێی وشەیەک خەسار دەگەیەنێت بە بنەمای شیعرەکە. من لەو کەسانەم، کە بوونی موسیقای وشەکان بۆ دیاریکردنی شیعر لە چیرۆک بە پێویست دەزانم، بەڵام ئەگەر کەسانێک هەبن کە بە راستی باوەڕیان بە داماڵین و فانتازیای شیعر لە هەموو توخمەکانی ناسراو وەک موسیقا ئەو بێ، نازانم نیشانەکانی دیاریکەری شیعر بە چ شێوەیەک دەستنیشان دەکەن و لە سەر چ بنەمایەک جیاوازییەکانی



سیمین بێهبەهانی

ئەو لە چیرۆک شرۆڤە دەکەن.

*** هەندێک کەس ڕەنگە لە وشەگەلێک کەڵکوەربگرن کە نوێیە، بەڵام هاوئاهەنگی پێویستی لەگەڵ دەق نییە. لە نێوان نوێ بوون و جوانیی زۆرجار هاوڕێیەتێک نییە و وەها نییە کە هەر نوێیەک جوان بێ. بە بڕوای ئێوە کەڵکوەرگرتن لەم تەکنیکە، دەتوانێ هەم نوێگەری، کە بنەمایەکی جێ پەسەند و پێویستە، هەمیش جوانیی لە خۆیدا کۆ بکاتەوە؟**

ـ دەبێ ئەوە لە بەرچاوی بگرین کە نوێگەری دەربڕینەکان تەنیا یەکێک لە کەرەسنەکانی شیعرە و خۆش نەوایی و تێگەیاندنی مانا و گونجاوبوون و پێکگونجانی وشەکان و ماناکان و یەکریزی کۆی شیعر لە کەرەسنەکانی دیکەی شیعرن. شیعریەک کە دەربڕینی نوێ و جوانی هەیە، بەڵام لە نێوان پاژەکانی ئەودا ڕێکوپێکی نییە، یەکریزی تێدا نییە و توانایی تێگەیاندنی واتایی نییە.

ڕەنگە بیسەر لە یەکەمین جاری بیستندا شەیدای بێت، بەڵام کاتێک دووبارە دەیخوێنێتەوە، ئەو شیعر دادەڕوخێ. لە بنەڕەتدا شیعری جێی پەسەندی من ئەو شیعرەیە، کە هەر جار بە خوێندنەوە، یان گوێگرتن لی شتێکی نوێ بە بیسەر پێشکەش بکات و جوانییە شاراوەکانی خۆی بخاتە روو. بە وتەی حافیز هەزاران پەند و ئەندەرزی تێدا بێ.

*** تا چ ڕادەیەک هەوڵتداوە زمان دەرگیری ڕووداوە نوێیەکان بکەی. چۆن کێشت تووشی ئەم ڕووداوانە کردووە؟**

ـ بۆ من زمان و فۆرم و ناوەڕۆک لەسەر یەک شێوازی شیعر پێکدەهێنن. فۆرمی شیعریی من غەزەلە، بەڵام فۆرمی ئەو غەزەڵ نییە، چونکە لە زمان و ناوەڕۆکدا دەستێوەردانم کردووە. زمانی شیعری من زمانی ئەمڕۆ و باوی سەردەمە. هەڵبەت زۆرتر لە جۆری زمانی ئەدەبییە، نە گفتۆگۆیی. پێوەی زێدە بکەم کە هەندێکجار زمانی گفتۆگۆیش بە کار دێنم. ناوەڕۆکی ئەویش جیا لە عاشقانە یا کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دەوروبەری ڕووداوەکانی سەردەم دەخولێنەوە، و ئەو نێوەڕۆکە ئاشنا باوە کە لە سەر بنەمای خۆشەویستی و عیرفان و غەزەل ڕادەوەستا لە شیعری من بە شیکاری بارودۆخی ڕۆژگار، یان هەڵومەرجی ئەمڕۆی خۆم و وەکو خۆم تایبەت بووە. کێشم فەرمانبەری یەکەمین پارچە شیعری خۆم کردوە و پێوەندی ئەوم لەگەڵ کێشناسیی سوننەتی پچڕاندووە. ئەم کێشانە لەگەڵ یەکەمین پارچەی بابەتدا لە دایک دەبێ، هەربۆیە گونجاوی ئەوان لەگەڵ ناوەڕۆک زۆرتر دەبێ هەروەها نائاشنایی ئەوان لەگەڵ گوێی ئەواندا هۆگریەکی ڕێکوپێکی دێرینە ناهێنێتە بیر و ئەو تەکووزە ڕیتمیکە کۆنە، کە لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ گونجاو نییە، بەکار نابەم. شیعرم لێوڕێژە لە پرس و گرفتەکان و پێوەندیدارە بە خەڵک و زەمەنێک کە لە پێشدا دڵ و ڕۆحی خودی خۆمی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە، پاشان بە شێوەی شیعر هاتووەتە سەر لاپەڕەی کاغەز.

> شیعری جێی پەسەندی من ئەو شیعرەیە، کە هەر جار بە خوێندنەوە، یان گوێگرتن لی شتێکی نوێ پێشکەش بە بیسەر بکەن

**سەرچاوە:**

-ماڵپەڕی دوو سندوق - بێهرووز سیوشی

http://2sandoghcheh.persianblog.ir/post/275